www.kurdistannet.org
24-2-2006 11:27بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

بۆ/ بەڕێز کاک بارزان ئەحمەد کوردە، لە سلێمانی ... ملازم رزگار ناسیح عەبدڵ

من ئەفسەرێکی کوردی کەرکوکیم، زۆر هەوڵمدا بگەمە لای جەنابتان، بەڵام ئەو هەلەم بۆ نەرەخسێندرا، هەربۆیە ئەم نامەیەت ئاراستە دەکەم.
خانوبەکی گەورەی حکومی کە روبەرەکەی نزیکەی هەزار مەتر چوارگۆشەیە لە ڕێی بەغدای شاری کەرکوکەو کەوتۆتە نزیک ماڵی بەڕێوەبەری پۆلیسی فریاکەوتنەوە (کاک خەتاب) و ماڵی کاک مستەفا جاڵاوییەوە، بۆ بەڕێزتان دانراوە. من چەندجار لەگەڵ ئەوکەسەی کەناوبەناو دێت خانوەکە بەسەردەکاتەوە قسەم کردوەو ئەو دەڵێت ئەم خانوە هین کاک بارزانە بۆ حیزبی داناوە. منیش وەک ئەندامێکی (ی. ن. ک) مافی خۆمە پرسیار بکەم، ئایا ئەم خانوەی حیزب بۆ لەوەتی کەرکوک ئازادکراوە یەک کەس تێدا نەژیاوەو هەمیشە چۆڵ بووە؟ بەمەرجێ بەشێک لە پۆلیسەکانی ئێمە کەگیان بۆ کەرکوک بەخت دەکەن و شەورۆژ ژیانیان لەمەترسیدایە، خانویان بەکرێش دەست ناکەوێت. باشە کاکە بارزان با هیچ نەبێت چەند خێزانێکی پۆلیس یا چەند پۆلیسێک بەکاری بهێنن تا ئەوکاتەی حیزب پێویستی دەبێت. من هیچ بەرەوای نازانم خانوبەکی ئەوها گەورە لەم ئەزمەی سەکەنەدا سێ ساڵ بێت چۆڵ بێت. هەربۆیە من لێرەوە داوات لێدەکەم و لوتف بفەرمو با هەندێک لە ماڵە پۆلیسەکان ئەو خانوە بەکار بهێنن.

ملازم رزگار ناسیح عەبدڵ، کەرکوک